**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٥٧٩٧ لە ٢٠٢١/١٢/١٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئەحکامی بڕگەی (ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە:

**بەیانی ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٢١**

**بەیانی دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگی تابلۆی ژمارەی کاتی نوێ**

**ماددەی (١):**

١- تابلۆی ژمارە کاتی هەرێمی کوردستان بە ڕەنگی سپی دەبێت.

٢- درێژی تابلۆ (٣٢٠ ملم) و پانی (١٦٠ملم) و ئەستوری (١ملم) دەبێت کە لە پێکهاتەی ئەلمنیۆم دروستکراوە و بە پێکهاتەی (PVC) شەوقدراوی سپی رووپۆش کراوە و لە لای راستی خوارەوەی تابلۆ هێمای بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ بە هێلۆگرامی فسفۆری چەسپێنراوە.

**ماددەی (٢):**

تابلۆی نوێ کاتی ئەم پیت و ژمارانەی خوارەوە بە زمانی ئینگلیزی تێدا چاپ دەکرێت:

١- هێمای (IRQ) کورتکراوەی (IRAQ) لە لای چەپی سەرەوەی تابلۆ.

٢- هێمای (KR) کورتکراوە (Kurdistan Reginal) لەژێر هێما (IRQ) لەلای چەپی خوارەوەی تابلۆ.

٣- کۆدی (21) وەك هێمای پارێزگای سلێمانی و کۆدی (22) وەك هێمای پارێزگای هەولێر و کۆدی (23) وەك هێمای پارێزگای هەڵەبجە و کۆدی (24) وەك هێمای پارێزگای دهۆك.

٤- هێمای ( - ) بۆ جیاکردنەوەی هێمای پارێزگا و ساڵی دەرچوون.

٥- ژمارەی (22) وەك ئاماژە بە ساڵی چاپکردن و ئەم ژمارەیە ساڵانە دەگۆر درێت وەك هێمای ساڵانی دواتر.

٦- بڕگەکانی (٣-٤-٥-٦) لە لای سەرەوەی تابلۆ بەشێوەیەکی ئاسۆیی چاپ دەکرێت.

٧- زنجیرەی تابلۆ لە ژمارە (١) دەست پێ دەکات لە (١/١)ی هەموو ساڵێك تاکو (١٢/٣١)ی هەموو ساڵێك و ساڵانی دواتر لە زنجیرە ژمارە (١) دەست پێ دەکاتەوە.

**ماددەی (٣):** گشت ووشە و پیتی تابلۆکان بە رەنگی سوور چاپ دەکرێت.

**ماددەی (٤):** تابلۆی ژمارە کاتی پێویستە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی ئۆتۆمبێل بگۆڕدرێت بۆ هەمیشەیی.

**ماددەی (٥):**

١- بڕی (٣٠،٠٠٠) سی هەزار دینار بۆ هەرجووت تابلۆیەك وەردەگیرێت.

٢- بڕی (٥،٠٠٠) پێنچ هەزار دینار بۆ لێدانی چوار برغوی سیکیوریتی بۆ هەر جووت تابلۆیەك وەردەگیرێت .

٣- بڕی (٥،٠٠٠) پێنچ هەزار دینار وەك رسوماتی کارگێری وەردگیرێت.

٤- ئەو بڕە پارانەی کە لە برگەی (٣،٢،١)ی سەرەوە دیاری کراون دەخرێتە سەر حیسابی پەرەپێدانی پارێزگاکان.

**ماددەی (٦):**

١- تابلۆی ژمارە کاتی سلێمانی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی چاپ دەکرێت و رەوانەی دەروازەی نێودەوڵەتی (باشماخ و پەروێزخان) و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دەکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ ئۆتۆمبێلی هاوردە کراو.

٢- تابلۆی ژمارە کاتی هەولێر لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای هەولێر چاپ دەکرێت و رەوانەی دەروازەی نێودەوڵەتی (حاجی ئۆمەران) و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ ئۆتۆمبێلی هاوردە کراو.

٣- تابلۆی ژمارە کاتی دهۆك لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای دهۆك چاپ دەکرێت و رەوانەی دەروازەی نێودەوڵەتی (أبراهیم خلیل) دەکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ ئۆتۆمبێلی هاوردە کراو.

**ماددەی (٧):** دیزاینی تابلۆی کاتی بەپێی هەر چوار پاشکۆی ژمارە (٤،٣،٢،١)ی ئەم بەیانە دەبێت.

**ماددەی (٨):** ئەم بەیانە لە ٢٠٢٢/١/١ جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**